# بنەما و پێکهاتەکانی شوناسی کوردی و کاریگەری مۆدێرنە لەسەر شوناس لە باشوری کوردستان توێژینەوەیەکی مێژوویە

د.ڕێواس فتاح محمد صاڵح

rewas.fatah@spu.edu.iq

بەڕیوەبەرێتی پەروەردەی سلێمانی/ ڕۆژئاوا

ڕەزامەندی وەرگرتنی توێژینەوە : ٢٠٢٥/٤/١ ڕەزامەندی بڵاو کردنەوە : ٢٠٢٥/٤/١٠

**پوختە:**

شوناس بریتییە لە کۆمەڵێک سیفات و تایبەتمەندی مەعنەوی و دەروونی و ماددی، کە لە ئاستی تاک و کۆمەڵدا دەبێتە هێمای ناسینەوە و جیاکردنەوەی میللەتانی دیکە لەیەکتر، شوناسی تاک ئەو هزرە ناوەکییانە لەخۆدەگرێت، کە تایبەتمەندی سەرەکی و بنەمای هێز و خۆڕاگری و خاڵی جەوهەری ناسینەوەی کەسایەتی تاکە و بە ڕۆحی کۆمەڵگە دادەنرێت. مرۆڤ بە سروشت تاکێکی کۆمەڵایەتییە و لەئەنجامی هەڵسوکەت و پێکەوەژیان و دروستکردنی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان لەگەڵ تاک یان کۆمەڵ دەبێتە خاوەن شوناسێکی تایبەت بەخۆی، کە لە بنەما کەلتورییەکانی وەک ( زمان، ، ئاین و بیروباوەڕ، داب و نەریت، یاسا، هونەر، بەهاڕەوشتیەکان.... )سەرچاوە دەگرێت.

کورد لەباشوری کوردستان، کۆمەڵگەیەکی مرۆیی ڕەسەنی ناوچەکەیە و زادەی ژینگە جوگرافییەکەیەتی لە جێگەیەکی دیکەوە کۆچیان بۆ نەکردووە، ئەم کۆمەڵگەیە بەهۆی پێکەوە ژیانیان پەیوەندی چارەنووس و مێژووی هاوبەش پێکەوەی بەستوون، خاوەن شوناسی کەلتوریین، کە بووە بەخاڵی جیاکەرەوەیان لە میللەتانی دیکە، ڕەگەزەکانی پێکهێنانی شوناس چەسپاو و جێگیر نین و بەڵکو بەردەوام لە بزاوتن و گۆڕانکاریدان و بەهۆی پەیڤین و تێکەڵبوون بە کەلتوری گەلانی دیکە کاریان تێدەکرێت، بەهۆی گۆڕانکاری لە تۆڕی پەیوەندییەکانی مرۆڤ لە ئاستی خێزان و هاوڕێ و کەسانی دیکە و پەرەسەندن و پێشکەوتنی کۆمەڵگەی مرۆیی لە جیهاندا گۆڕانکاری بەسەر شوناسشدا هاتووە و ئەکرێت مرۆڤ لەیەک کاتدا هەڵگری کۆمەڵێک شوناسی جیاواز بێت.

ئامانج لە هەڵبژاردنی ئەم بابەتە نیشاندان و ناساندنی بەشێک لەو بنەما و پێکهاتانەیە شوناسی کوردییان پێکهێناوە و لە پارێزگارییکردنی شوناس لە باشوری کوردستان ڕۆڵیان بینیووە. ئەم توێژینەوەیە لە پێشەکی و سێ باسی سەرەکی پێکهاتووە. **باسی یەکەم: شوناس و گرنگترین بنەماکانی پێکهێنانی شوناسی کوردی لە باشوری کوردستان** باسکراوە.

**باسی دووەم : شوناسی کەلتوری** باسکراوە.

**باسی سێیەم: کاریگەرییەکانی مۆدێرنە لەسەر شوناسی کوردی لە باشوری کوردستان باسکراوە.** لە کۆتاییدا گرنگترین ئەو ئەنجامانە خراونەتەڕوو، کە ئەم توێژینەوەیە پێیگەیشتووە. لەنوسینی ئەم تویژینەوەدا ڕێبازی لێکۆڵینەوەی مێژووی وەسفی بۆ لێکۆڵینەوە لە چەمک و بنەما سەرەکییەکانی شوناس و کاریگەری مۆدێرنە لەسەر شوناسی کوردی لە باشوری کوردستان پەیڕەو کراوە.

**کلیلە وشە** (شوناس، پێکهاتە و بنەماکان، کاریگەری مۆدێرنە، باشوری کوردستان)

**پێشەکی:**

شوناس کۆمەڵێک سیفات و تایبەتمەندییە، کە لە کەسایەتی تاک دەردەکەوێت و دەبێتە بەشێک لە سیمبولەکانی ناسینەوە و جیاکردنەوەی لە ئەوانی دیکە و لە پەیوەندییەکانی بەکۆمەڵگەوە ڕەنگدانەوەی دەبێت، بەهۆی پابەند بوونی بە جیهانبینی و ڕەهەندە کەلتوری و ئاینییەکانی کۆمەڵگە، ئیلهام وەردەگرێت و ئینتیمای بۆ هەمان کۆمەڵگە بۆ دروست دەبێت. بۆیە شوناسی تاک ڕەنگدانەوەی هەمان ئەو ژینگەیەیە تێیدا دەژی، هەر کاتێک تاک هەست بکات خاوەنی شوناسێکە هەوڵدەدات ڕۆڵی هەبێت لەو کۆمەڵگەیەدا و هەستی شانازیکردنی بە گەل و نیشتمان و نەتەوەکەی لە بەرانبەر نەتەوەکانی دیکەدا بۆ دروست دەبێت. شوناسی تاکی کورد لە هەرێمی کوردستان لە زۆر ڕەهەندی جیاوازی وەک سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیرییەوە کەوتووەتە ژێر کاریگەری مۆدیرنە و بەجیهانیبوونەوە و بووە بەهۆی دروستبوونی ئاڵوزی و شپرزەیی لە شوناسی کۆمەڵگەی کوردیدا، هۆکاری هەڵبژاردنی ئەم بابەتە بۆ گرنگی و بایەخی شوناس لە باشوری کوردستان دەگەڕێتەوە، کە بەهۆی کاریگەرییەکانی مۆدێرنەوە شوناسی کەلتوری کوردی ڕووبەڕووی ئاڵنگاری بووەتەوە.

**گرنگی توێژینەوەکە :** ئەم توێژینەوە بە بایەخەوە لە گرنگترین بنەماکانی پێکهێنانی شوناسی کوردی دەکۆڵێتەوە و بە شێوازێکی ئەکادیمییانە ئەو بنەما و هۆکار و پاڵنەرانە دەستنیشان دەکات، کە لە قۆناغە مێژووییەکاندا کاریگەرییان لەسەر شوناسی تاک و کۆمەڵگەی کوردی دروستکردووە، بەوردی کاریگەری و ڕەهەندە جیاوازەکانی مۆدێرنە لەسەر شوناسی کەلتوری و ڕێگاکانی بەرگریکردن لە پاراستنی شوناس کوردی لە باشوری کوردستان دەخاتەڕوو.

**ئامانجی توێژینەوە:** ئەم توێژینەوە هەوڵێکی زانستییە بە ئامانجی ناساندنی شوناسی کوردی لەباشوری کوردستان، گرنگترین ئەو بنەما سەرەکییانەی، کە لە پێکهێنان و پاراستنی شوناس ڕۆڵیان بینیووە نیشاندەدات و ڕادەی کاریگەری مۆدێرنە لەسەر شوناس لە باشوری کوردستان دەخاتەڕوو.

**میتۆدی توێژینەوەکە :** بەرەچاوکردنی بواری زانستی بابەتەکە لە نوسینی ئەم توێژینەوەدا میتۆدی توێژینەوەی زانستی مێژوویی بە پشبەستن بە شیکردنەوە و هەڵێنجاندنی زانیاری نێو سەرچاوەکان پەیڕەو کراوە.

**پێکهاتەی توێژینەوەکە :** ئەم توێژینەوەیە لە پێشەکی و سێ باسی سەرەکی پێکهاتووە، کە هەریەکەیان چەند تەوەرێک لەخۆدەگرێت. **باسی یەکەم: شوناس و گرنگترین بنەماکانی پێکهێنانی شوناس لە باشوری کوردستان** باسکراوە. **باسی دووەم : شوناسی کەلتوری** باسکراوە، کە بەچەند تەوەرێک گرنگترین بنەماکانی پێکهێنانی شوناسی کەلتوری وەک زمان و

sjh@univsul.edu.iq

SJH p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034

ئایین و ئیتنۆگرافی باسکراوە. **باسی سێیەم: کاریگەرییەکانی مۆدێرنە لەسەر شوناسی کوردی لە باشوری کوردستان باسکراوە.** لە کۆتاییدا گرنگترین ئەو ئەنجامانە خراونەتەڕوو، کە ئەم توێژینەوەیە پێیگەیشتووە.

**باسی یەکەم: شوناس و گرنگترین بنەماکانی پێکهێنانی شوناس لە باشوری کوردستان**

**١- پێناسە و چەمکی شوناس**

وشەی شوناس لەهەر زمانێکدا بەشێوازێکی جیاواز گوزارشتی لێدەکرێت، لەزمانی عەرەبی بە (هوية)، لە زمانی فارسی بە(هويت) و لە زمانە ئەوروپییەکانیشدا بە (ئایدێنتیتی) دەنوسرێت لەزمانی کوردیشدا شوناس پێکهاتەیەکە لە (شوێن و ناسین)، واتە شوێن پێهەڵگرتنێک کە دەمانگەیەنێت بەناسینی کەسێک (سیوەیلی، ٢٠١٥: ٧١). وشەی شوناس( identity) لە وشەی (identitas) وەرگیراوە، کە دوو مانای بەرواڵەت جیاواز لەخۆدەگرێت، لەوانە : ١- وەکویەکی و هاوچەشنی ڕەها. ٢- جیاوازی و لێکجیایی، کە بەدرێژای کات هەڵگری جێگیری و بەردەوامییە. هەردوو ماناکە دوولایەنی گرێدراو و تەواکەری یەکترن لەچییەتی شوناسدا. بابەتی تاکەکەسی یان کۆمەڵایەتیبوونی شوناس مایەی مشتومڕی و گفتوگۆی زۆربەی دەروونناس و کۆمەڵناس و شارەزایانی شوناسە، کە سەرەڕای کۆدەنگیان لەسەر هەردوو مانا جیاوازەکەی شوناس، بەڵام لەسەر بەکارهێنانی ئەو مانایانە ڕاجیاییان هەیە، بەشێک لەوان پێیوایە لایەنە سەرەکییەکانی شوناس گرێدراوی تایبەتمەندییەکانی کەسایەتی و هەستی تاکن، ئەمە مانای نکوڵیکردن لە شوناسی کۆمەڵایەتی ناگەیەنێت، بەڵکو بەجیاواز سەیرکردنی هەردوو جۆرەکەی شوناسە و بە سەربەخۆ لەقەڵەمیان دەدەن، لەم ڕەوانگەوە شوناس بریتییە لە هەستکردن بەجیاوازی کەسێتی و بەردەوامیی و سەربەخۆیی کەسێتی نیشاندەدات(گوڵمحەمەدی، ٢٠٠٧: ٢٢١).

چەمکی شوناس نوێیە و بە یەکێک لە دیاردەکانی پاش شۆڕشی فەرەنسی و دەرکەوتنی تیۆرەکانی زانستی کۆمەڵناسی دادەنرێت و گرێدراوی هەستی هاوبەستەگی تاکە بە کۆمەڵەکەیەوە لە چوار چێوەی کەلتورێکی هاوبەشدا، شوناسی کەلتوری و بەیەکێک لە بنەما گرنگەکانی ئاسایشی نەتەوەی دادەنرێت، بەهۆی ئەو پێشکەوتن و گەشەکردنەی جیهان بەمدواییە بەخۆی بینیوە پێگەی شوناس بایەخدارتر بووە، بەتایبەتی لەدوای پێشکەوتنی تەکنۆلۆجیا و فەراهەمبوونی تۆڕەکانی پەیوەندیکردن و تێکەڵاوبوونی کەلتوری میللەتە جیاوازەکان( محمد، ٢٠١٠: ٢٥١).

شوناس ئەو هێماو تایبەتمەندییانەن، کە پێکهێنەری کەسایەتین و مرۆڤی پێدەناسرێتەوە و وەڵامدانەوەی کۆمەڵێک پرسیارە لەبارەی تاک و خەسڵەتەکانی کەسایەتی و تاکەکەس بەهۆیەوە لە کەسانی دیکە جیادەکرێتەوە تێڕوانین بۆ شوناس چەند ئاستێک لەخۆ دەگرێت، کە ئەمانەن: بەگوێرەی ڕوانگەی دەروونناسی کۆمەڵایەتی پەیوەندییە مرۆییەکان بنەمای دروستبوونی شوناسە، کە کەسایەتی و شوناسی تاکەکەس بە هۆی پەیوەندییان بە کەسانی دیکەوە دروستدەبێت. ڕوانگەی دەروونناسی دیاردەناسانە، تێدا ئەزمونەکانی مرۆڤ وەک تاک و کۆ لەگەڵ خۆی لەمامەڵە و هەڵسوکەتدا دەبنە چەقی بیرکردنەوەی ئەم ئاڕاستەیە، کە جەختدەکاتەوە لە ئەزمونەکانی تاکێک لەناو قۆناغەکانی گەشەکردنی ژیانیدا. ئاڕاستەی سێیەم دەروونناسی دینامیکیانەیە، کە پێیوایە دروستبوونی شوناس پرۆسەیەکی بەردەوامە و پشت بەئەزمونی زیندووی تاک لە ئێستا و ڕابردوودا دەبەستێت(سیوەیلی، ٢٠١٥: ٧٣). دەروونناسان، کە شوناسی بەتایبەتمەندی و هەستی تاکەوە گرێدەدەن پێیانوایە شوناس بریتییە لە هەست کردن بە جیاوازی تاکەکەسی و سەربەخۆی تاک لەوانی دیکە، کاتێک تاک نەتوانێت

شوناسی تایبەت بەخۆی لەباری تاکەکەسیدا پێکبهێنێت، لەڕووی دەروونییەوە زەرەرمەند دەبێت، بەشێکیش لە کێشە کۆمەڵایەتییەکان لە کۆمەڵگەی بۆ دروستنەبوونی ئەمجۆرە لە شوناسە لە تاکدا دەگەڕێتەوە (گۆڤاری تیشک، ژمارە (٥٩-٦٠)، بەهارو هاوینی٢٧٢١: ٢٢٧).

شوناسی کەسی چەندین جۆری جیاوازی هەیە، بۆنمونە کەسێک خاوەنی چەندین تایبەتمەندی و توانا و لێهاتووی جیاوازە، کە هەموویان پێکەوە خەسڵەتە خودییەکانی ئەو کەسە پێکدەهێنن دەبنە شوناسی کەسەکە، جۆرێکی دیکە شوناسی سەربەخۆی کەسەکانە، کە ئەزموون و توانای بیرکردنەوەی کەسەکە و گەشەی کەسایەتییەتی لە قۆناغە جیاوازەکانی ژیانییدا و دەیپارێزێت، لەڕێگای هۆشیاری بە ئێستا و تێگەیشتن لە ڕابردوو و وێناکردنی داهاتوو، توانای پێکەوە بەستنەوەی قۆناغاکانی ژیانی خۆی هەیە و شوناسی خۆی تەواو دەکات. جۆرێکی دیکەی شوناسی کەسی ئەوەیە، کە کەسی خاوەن شوناس پەیوەستە بەچەندین گروپی دیکەوە بەمەش دەبێت بە خاوەنی چەندین شوناسی گروپیی جیاواز، کەهەر یەکەیان خاوەن چەندین خەسڵەت و تایبەتمەندی جیاوازن و دواجار کەسەکە لەهەریەکە لەم گروپانەوە چەندین تایبەتمەندی بەدەستدەهێنێت، کە بەهۆیەوە کەسایەتی دەوڵەمەند و شوناسیشی پتەو دەبێت(سیوەیلی، ٢٠١٥: ٧٤).

لە چوارچێوەی مشتومڕەکان لەسەر بەتاک یان بەکۆمەڵ سەیر کردنی شوناس، لەدیدی کۆمەڵناسییەوە شوناس لە کۆمەڵێک سیما و ئاکار و بەهای کۆمەڵایەتی هاوبەش لەڕووی ڕۆحی و دەروونناسی و کومەڵایەتی و کەلتوری و شارستانییەوە پێکهاتووە، وەک ئاکارێکی گشتی سەیردەکرێت و لەمیللەتێکەوە بۆ میللەتێکی دیکە جیاوازە و بە گۆڕانی کات و شوێن بەردەوام دەگۆڕێت. لەنێو هەر گەلێکدا، کە لە ژینگەیەکی دیاریکراودا پێکەوە دەژین شوناسی کەلتوورییان لەسەر سێ ئاستی جیاواز بۆ دروستدەبێت لەوانە( شوناسی تاک، شوناسی کۆمەڵ، شوناسی نیشتمانی یان نەتەوەیی)، پەیوەندی لەنێوان ئەم ئاستانە بەگوێرەی بوون یان نەبوونی ململانێ و یەکێتی و تەبایی، بنەمایی بەرژەوەندی تاک و کۆمەڵ و بەرژەوەندی نیشتمانی و نەتەوەیی، بەردەوام لە گۆرانکاری و هەڵکشان و داکشاندایەو بواری هەریەکەیان بەئاڕاستەی بەرفراوانبوون یان تەسکبوونەوە دەڕوات (موحەمەد، ٢٠١٢: ١١).

شوناسی کۆمەڵایەتی بەهۆی ئەندامێتی تاک لەگروپەکاندا دروستدەبێت و سێ ڕەگەزی سەرەکی لەخۆدەگرێت لەوانە: (ڕەگەزی ناسینەوە) واتە هۆشیاری تاک بەگروپەکەی. (ڕەگەزی بەهایی) واتە خەمڵاندنی لایەنە ئەرێنی و نەرێنییەکانی ئەندامێتی تاک لەو گروپدا. (ڕەگەزی هەستەکی) واتای هەستی تاکە سەبارەت بە گروپەکەی و هەموو ئەوانەشی لەگەڵ گروپەکەیدا لەپەیوەندییەکی تایبەتیدان. بەمجۆرە شوناسی کۆمەڵایەتی گرێدراوی خوێندنەوەی وشیاری تاکە دەربارەی ئەندامێتی ئەو لەنێو گروپە کۆمەڵایەتییەکاندا، بەگرنگی و بایەخەوە لە هەستی ڕیکخراوی خۆی بەرامبەر بە ئەندامێتی لەو گروپەدا دەڕوانێت (Tajfel, 1978: 63) .

شوناسی کۆمەڵایەتی تەنها بوار بۆ دروستبوونی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و ناسینی کردە کۆمەڵایتییەکان ناڕەخسێنێت، بەڵکو مانا بە ژیانی تاکیش دەدات، بەشێک لە توریستەکان لەوانە (مانوئیل کاستێڵ) "شوناس وەک پرۆسەی دروستبوونی مانا لەسەر بنەمای تایبەتمەندییەکی کەلتوری یان دەستەیەک تایبەتمەندی کەلتوری، کە باڵادەستیان بەسەر سەرچاوەکانی دیکەدا هەیە ڕاڤە دەکات" (گوڵمحەمەدی، ٢٠٠٧: ٢٢٣-٢٢٤). لەم ڕوانگەوە شوناس دونیای کەسی لەگەڵ فەزای گشتی و

پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و فۆرمە کەلتورییەکان تێکەڵ دەکات خەڵک بە خۆیان و ئەوانی دیکەش دەڵێن کێن، لە ڕووداوەکان و گۆڕانکارییەکانی ژینگەی خۆیان دەپرسن. ماناسازبوونی شوناس نیشانەی دروستکردنی ئەوە، بەواتایەکی دیکە شوناس سروشتی نییە ، بەڵکو ئەنجامی پۆلێنبەندکردنی مرۆڤەکانە بۆ چەندین چین و جێگەی خۆکردنەوەیە لەنێو ئەو چینانەدا، کە لەڕێگەی مامەڵەی هۆشیارانە و وازهێنان لە بەشێک لە جیاوازەکان شوناس دروستدەبێت (گوڵمحەمەدی، ٢٠٠٧: ٢٢٣-٢٢٤).

ڕەهەندەکانی بونیادنانی شوناس کۆمەڵایەتی بۆ هەر تاکێک لەنزمترین ئاستدا هەتا ئاستێکی پێشکەوتوو بە چوار قۆناغدا گوزەر دەکات، کە ئەمانەن: ١- شوناس لە دۆخی پەرتەوازەییدا، لەم قۆناغەدا ناسنامەی تاک لە دۆخێکی شلۆقدایە و شوناسهەڵگر ئەزمونی قەیرانی شوناس و پابەندی ڕەهای بۆ هیچ بیروباوەڕ و پیشەیەک نییە و ڕۆڵێکی دیاریکراو و چالاک بۆ پەرەپێدانی شوناسی خۆی ناگێڕێت.

٢- شوناسی داخراو، لەم قۆناغەدا هەرچەندە تاک خاوەن ئەزمون نییە و قەیرانی شوناسی نەدیووە، بەڵام پابەندی بەها ڕەوشتی و بیروباوەڕە باوەکانی کۆمەڵگە و یەکە کۆمەڵایەتییە گرنگەکانی وەک خێزانە و لەو چوارچێوەیەدا شوناسی کەسی دەمێنێتەوە.

٣- شوناسی لە دۆخی هەڵپەساندن، تاک لەم قۆناغەدا چالاک و بزێوە، هەست بە قەیرانی شوناس دەکات و بەدوای شوناسی خۆیدا دەگەڕێت و دەیەوێت دەستی بە کەرەستە و سەرچاوەکانی شوناس بگات.

٤- قۆناغی شوناسی بەدەستهاتوو، باڵاترین ئاستی شوناسە، لەم قۆناغەدا تاک لە هەوڵەکانی بۆ بەدەستهێنانی شوناسی تایبەت بەخۆی سەرکەوتوو بووە و لە هاوبەستەگی بە بەها و پیشە و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان ڕۆڵی بەرچاو دەبینێت( حمود، ٢٠١١: ٥٦٩).

**٢- بنەماکانی پێکهێنانی شوناس**

پێشتر ئاماژەمان بۆ ئەوە کردووە شوناس هەرچەندە سروشتی دێتە بەرچاو، بەڵام زۆربەی جۆرە جیاوازەکانی شوناس دروستکراوە، بەگوێرەی ئەو پێناسانەی پێشتر بۆ شوناس کراوە، ئەوە ڕووندەبێتەوە بنەماکانی پێکهێنانی شوناس فرە ڕەهەندن و زۆر لایەنی جیاواز لەخۆدەگرێت لەوانە ( بنەمای ماددی و فیزیکی، بنەمای مێژوویی، بنەمای ڕۆشنبیری و کەلتوری، بنەمای دەروونی و کۆمەڵایەتی). بنەمای ماددی و فیزیکی لە پێداویستییە مادییەکانی وەک ئامراز و ئامێر، دراو، خانووبەرە، خواردن و جلوبەرگ، توانا عەقڵی و دارایی و ئابورییەکان، ڕێکخستنە مادییەکانی وەک سیستەمەکانی خانووبەرە و پەیوەندییە مرۆیی و پەیوەستبوون بە دابەشکاری کۆمەڵاتی دەگرێتەوە. ڕەهەندی مێژوویی بریتییە لەمێژووی پێکەوەژیان، کە لەڕەسەنایەتی، لەدایکبوون، هاوبەستەگی، ئەفسانەی پاڵەوانانی پێشوو، ڕووداوە مێژووییە گرنگەکان، گەشەکردنی کۆمەڵگە، پەروەردە و پێشخستنی کۆمەڵگە، دەستکەوتە شارستانییەکان، داب و نەریت و بیروباوەڕە نەریتییەکان و یاسا و پێوەرە باوەکان. بنەمای ڕۆشنبیری، گوزارشت لە ڕەوشی ڕۆشنبیری کۆمەڵگە دەکات لەوانە: (کەلەپور، ئایین و بیروباوەڕ، سومبول و سیما کەلەپوری و ئایدۆلۆژی و بەها و توانا و بەهرەکانیان، نەریتە کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیرییەکانی وەک زمان و ئەدەب و وێژە، سیستەمی مەعریفی و پێوەرە نەریتەکان. بنەمای دەروونی کۆمەڵایەتی بەشێکی گرنگە لە پیکهێنانی شوناس

باس لە بنچینە کۆمەڵایەتییەکانی وەک ناو، پێگە، تەمەن، ڕەگەز، کار و پیشە، ئەرک و فەرمان، بەهاو ڕەفتار و هەڵسوکەوت، هاوبەستەگی و چالاکییە کۆمەڵایەتییەکان باس دەکات(عبدالمقصود، ٢٠٢١: ٢٢٢).

کۆمەڵگەیەک ئەگەر بیەوێت شوناسێکی ڕاستەقینەی هەبێت دەبێت کۆمەڵێک کەرەستە و سەرچاوەگەلی شوناسبەخش و ماناداری جیاواز بخاتە بەردەست تاکەکانی تاکو بتوانن شوناسیان هەبێت و ژیانیان مانادار بکەن، سەبارەت بەسەرچاوەکانی شوناسیش لەنێو تیۆریستەکان ڕاجیای هەیە و هەندێک لەوان دیاردە هەمەچەشنەکان بە کەرەستەی دروستکردنی شوناس دادەنێن، بۆ نمونە فەزا و شوێن وەک ڕەگەزێکی گرنگ و سەرچاوەیەکی بایەخدار لە دروستکردنی شوناس بۆ تاک و کۆمەڵ باسدەکەن، کەسی خاوەن شوناس بەهۆی تایبەتمەندی و جێگیر و جیاوازبوون و بەردەوام مانەوەی پەیوەستە بە کۆمەڵەوە، بۆیە فەزا و شوێن ئەم دەرفەتە فەراهەم دەکات، کە مرۆڤەکان بە هەستکردن بە جیاواز بوون و جێگیربوون و گرێدراوی بەکۆمەڵەوە هێمنایەتی بۆ ژیان بەدەستدەهێنن (گوڵمحەمەدی، ٢٠٠٧: ٢٢٩).

لەکۆمەڵگە نەریتییەکاندا شوێن پانتاییەکی گەورەی لەژیانی کۆمەڵایەتییدا داگیرکردووە، فەزاش لەم کۆمەڵگانەدا بەتەواوی لەژێر هەژموونی شوێندایە و پێوەی بەستراوەتەوە، فەزا سنوردارە بە ژیانکردن لە شوێندا و پانتایی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی بەرتەسکردووەتەوە و بۆ دروستبوونی یەکە کۆمەڵایەتییە بچوکەکانی وەک (هەرێم، ناوچە، هۆز...) زەمینەسازی کردووە و ئەگەری قەیرانی شوناسی هەتا ئاستێکی بەرچاو نزمکردووەتەوە، لەم هەلومەرجەدا تەنها شوێن سنورێکی بینراو و دیاریکراوی نییە، بەڵکو فەزا کۆمەڵایەتییەکەش سنورێکی پتەوی هەیە، کە پەیوەست و گرێدراوی شوێنە و لەسەر یەکگرتوویی کۆمەڵایەتی کاریگەری بەرچاوی داناوە، لە کۆمەڵگە نەریتییەکاندا، کە وەک دونیایەکی بچووک و یەکگرتووە، بوونی شوێن سەرچاوەیەکی گرنگی شوناسە و ئەرکی شوناسسازی بەشێوازێکی باش بەڕێوەدەبات(گوڵمحەمەدی، ٢٠٠٧: ٢٣١).

لەڕووی جوگرفییەوە شوێن ئەو خاکەیە کۆمەڵێک خەڵک یان گروپێکی ئیتنکی یان کۆمەڵایەتی لەسەری دەژین و پەیوەندییەکی پتەو لەنێوان ڕەچەڵەک و خاکدا دروستدەبێت و بەخاکی ئەوان یان زێدی ڕەسەنی باوک و باپیران و خاکی دایک و نیشتمانی خۆیان ناویدەبەن، کە پەیوەندییەکی ئەنتۆلۆجیانە دروستدەبێت بەجۆرێک مرۆڤ پەیوەستی ئەو خاک و شوێنی لەدایکبوون و پەروەردە بوونەی دەکات، کە جیاکردنەوەیان لەیەکتر ئەستەم بێت و خاک دەبێتە ڕۆڵ و پایەی بوونی ئەو، پەیوەستبوونی مرۆڤ بە خاکەوە لە سنورێکی جوگرافی دیاریکراودا بۆ هەر پێکهاتەیەکی کۆمەڵایەتی، کە پێشتر بنەماڵە و تیرە و خێڵ و عەشیرەتبوون پاشان بوون بە ئیتنیک و نەتەوە لەسەرەتادا پێداویستییەکانی ژیان پەیوەستی کردوون و دواتر پەیوەندی تاکەکانی نێو گروپەکە لەگەڵ خۆیان و شوێنەکەیاندا قوڵبوەتەوە و بەشێوەیەکی نەستەکی بە خاک و خەڵکەکەشیەوە پەیوەستبوون و بووە بە پەیوەندییەکی ئۆنتۆلۆجی و بنەمایەک بۆ یەکگرتن و یەکخستنی ئەندامانی کۆمەڵگە یان نەتەوە( قەرەداخی، ٢٠٢١: ٦٤).

شوێن و دەوروبەری فیزیکی لە دروستبوونی شوناسدا ڕۆڵی گرنگ و ماناداری هەیە، کە ڕەفتار و ئەزمونەکانی مرۆڤ ئەو مانایەی پێدەبەخشن، دەوروبەر ئەو وێستگە ڕەفتاریانە دەگرێتەوە، کە پەیوەندی و خاڵی هاوبەش لەخۆدەگرێت، لە زنجیرەیەک پەیوەندی نێوان خەڵک خۆیان و شتەکان خۆیان و خەڵک و شتەکان پێکهاتووە. پەیوەندی و کارلێکی نێوان

مرۆڤ و شوێن دوو لایەنەیە و لەلایەکەوە مرۆڤ دەبێت بەهۆی دەستکاری کردنی و گۆڕانکاری لە شویندا، لەلایەکی دیکەوە شوێن کاریگەری لە ڕەفتار و ڕێڕەوی بیرکردنەوەی مرۆڤدا دروستدەکات (سیوەیلی، ٢٠١٥: ٨٦).

شوێنی باشوری کوردستان لەڕووی جوگرافییەوە، کە خاکەکەی تۆبۆگرافیایەکی ئالۆزی هەیە و لە (چیای سەخت، گرد، بان، دۆڵ ودەشت ...) پێکهاتووەو ئاوهەواکەشی لە زستانێکی ماوەدرێژی سارد و هاوینێکی ماوەدرێژی گەرم و وشک پێکهاتووە لەسەر باری سایکۆلۆژی تاکی کورد و پەرەسەندی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگەی کوردی کاریگەری دروستکردووە(قەرەداخی، ٢٠١١: ١٨-١٩). بوونی چیای سەخت لە کوردستان لەڕووی شوێنەوە پەیوەندییەکی پتەوی لەنێوان کورد و چیا سەختەکاندا دروستکردووە، بۆیە هەرلەزووەوە لەنێو کورددا وتراوە " تەنیا چیا دۆستی کوردانە" (ڕەندل، ٢٠٠٣: ٦). ڕەنگە هەر ئەمەش هۆکار بێت شوناسی چیانشین بەکورد دراوە. سروشتی جوانی کوردستان کاریگەری هەمە لایەنەی لەسەر لایەنی دەروونی و هەست و سۆزی تاکی کورد دروستکردووە و فێری خۆشەویستی نیشتمان و گیانفیدایی کردوون، ئەم خۆشەویستیە ڕاستەوخۆ کاریگەری لەسەر شوناسی کوردبوونیان کردووە بەجۆرێک دەشت و دۆڵ و دار و بەردی کوردستان ناوی تایبەت بەخۆی هەیە و زۆربەشیان گرێدراوی ئەفسانەیەکی مێژوویین، کە مێژووی دێرینی کورد و پابەندبوونیان بە شوناسی کوردبوون لەو ژینگە جوگرافییەی کوردستان نیشاندەدات ( عوسمان، ٢٠٢٤: ٢٢).

هۆکاری جوگرافی بەتایبەتی لەسەردەمی میرنشینە کوردییەکاندا بەبەشێک لە فاکتەرەکانی پەرتبوونی شوناسی کوردی هەژمار دەکرێت، کەهەر میرنشینێک لەو جوگرافییەی فەرمانڕەوای کردووە دیالێکتی ستانداردی لە بەڕێوەبردنی ناوچەکە و زمانی ئەدەبدا پەیڕەو کردووە، کە جیاواز بووە لەناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی میرنشینەکانی دیکە، بۆ نمونە لەمیرنشینی بادیناندا شێوەزاری کرمانجی سەروو زمانی ئاخافتن و ئەدەب و بەڕێوەبردن بووە و خەڵکەکەشی بە بادینانی ناسراون. لە میرنشینی باباندا شێوەزاری کرمانجی ناوەڕاست بووە بەزمانی ئاخافتن و بەڕێوەبردن و هونەر و ئەدەب، کە بەهۆی قوتابخانەی سێکوچکەی بابان هەتا ڕادەیەک شێوەزاری سلێمانی لەنێو شێوەزارەکانی دیکەدا زیاتر گەشەیی کردووە و تەنانەت دوای ڕووخانی میرنشنی بابانیش ئەم زمانە وەکو خۆی ماوەتەوە، لەهەرێمی کوردستان لە ماوەی ساڵانی ١٩٧٠-١٩٧٤ بۆ ماوەی چوار ساڵ زاری ستاندارد لە بواری پەروەردەدا بەکارهاتووە(بەکر، ٢٠١٧: ٢٠٩). فاکتەری جوگرافیا و شێوەزار ڕۆڵیان لە پەرتبوونی شوناسی کورد لە باشوری کوردستان گێڕاوە، هەرچەندە لەئاستی نەتەوەییدا دانیشتوانی ژێر دەسەڵاتی میرنشینەکان لەهەرێمی کوردستان کوردبوون، بەڵام جگە لە ناسنامەی کوردی وردە ناسنامەی وەک کرمانجی و سۆرانی، بادینانی .....هتد دروستبووە، کە ڕەنگە لە هەندێک بارودۆخدا بۆ سەر یەکێتی خاک و یەکگرتنی کورد ڕۆڵی نەرێنی بینێبێت.

**باسی دووەم : شوناسی کەلتوری**

کەلتور بەرهەم و دەستکەوتی ماددی و نامادی(مەعنەوی) کۆمەڵگەی مرۆییە و لەئەنجامی پێکەوەژیان و هەڵسوکەوت و ڕەفتاری تاکەکانەوە لەهەمان ئەوژینگە جوگرافییەی تێدا دەژین سەرچاوە دەگرێت، کەلتوری ماددی هەموو ئەو شتە ماددیانە دەگرێتەوە، کە بەرجەستەیە و بەچاو دەبینرێت، وەک تەکنۆلۆجیا بەهەموو فۆرمە جیاوازەکانییەوە، کە ڕۆژانە بەرکەوتنمان لەگەڵی هەیە و بەشێوازێکی ئەرێنی یان نەرێنی کاریگەری لەسەر ژیانی ڕۆژانەمان دروستکردووە، هەرچی کەلتوری

sjh@univsul.edu.iq

نامادی یان مەعنەوییە ئەوەیە ڕێکخستنی ژیانی خودی و خێزان و کۆمەڵایەتی و کارگێڕیی و سیاسیشمان بۆ دەکات، بەرهەمی هۆشیاری کۆمەڵایەتی و ژیاریی مرۆڤە هەموو ئەو داب و نەریت و زمان و فۆلکلۆر و کەلەپور و پەندی پێشنیان ....هتد دەگرێتەوە، کە لە زۆربەی کۆمەڵگە نەریتییەکاندا دەکرێت بەشە مەعنەوییەکەی کەلتور هەتا ڕادەیەک وەک جێگرەوەی ئاین و یاسا و تەنانەت سیستەمە کارگێڕییەکانیش بووبێت، کەلتوری نامادی دەتوانێت ژیانی کۆمەڵایەتی ڕێکبخات و بەڕێوەشی ببات، بۆیە ئەم بەشەی کەلتور، کە لە داب و نەریت و عورفەکان پێکهاتووە زیاتر گرنگی بە ناوەڕۆکی ژیانی تاکاکان و سیستەمە کۆمەڵایەتی و کارگێڕیی و سیاسییەکانی کۆمەڵگە دەدات لەسەر ڕواڵەتیش ڕەنگدانەوەی هەیە (عوسمان، ٢٠١٣: ١٤).

شوناسی کەلتوری تۆڕێکی پێکەوە گرێدراو لە ئاین و زمان و هونەر و ئەدەب وکەلەپور و بەها نەریتییەکان و ڕەفتار و ڕەوشت و ویژدانی نەتەوە و بیرو ئەندێشەکان دەگرێتەوە، کە هەر نەتەوە و گەل و میللەتێک بەجورێکی تایبەت ئەو بەهایانە ڕەنگدانەوەی لەسەریان هەیە و لە گەلانی دیکەیان جیادەکاتەوە(نصر، ٢٠٠٨: ١١٥٨). ڕەگەزەکانی پێکهێنانی شوناسی کەلتوری چەسپاو و جێگیر نین و بەڵکو بەردەوام لە بزاوتن و گۆڕانکاریدان و بەهۆی پەیڤین و تێکەڵبوون بە کەلتوری گەلانی دیکە کاریان تێدەکرێت و کاریگەریش دەبن، بەڵام کەلتور لای تاکەکانی کۆمەڵگە بە مۆرکی ڕەسەنایەتی دادەنرێت و هەوڵی پاراستن و هێشتنەوەی دەدرێت(موحەممەد، ٢٠١٢: ٣٤-٣٥).

کورد لە باشوری کوردستان خاوەنی کۆمەڵێک بەها و نەریتی گشتییە، کەلەئەنجامی پێکەوەژیان و هەڵسوکەوت و ڕەفتار و بیر و باوەڕی تاکەکانییەوە سەرچاوەیی گرتووە و لەنەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی دیکە گوازراوەتەوە، ئەم بەشەی کوردستان بەهۆی مانەوەیان لەژێر دەسەڵاتی میرنشینە کوردییەکان هەتا ناوەڕاستی سەدەی نۆزدە توانیویانە بەشێوازێکی باش پارێزگاری لە کەلتور و نەریتە باوەکانی خۆیان بکەن و لەکارتێکردنی وڵاتانی دیکە دووربوون(محەمەد، ٢٠٢٣: ٨٣-٨٤). لەدیدی گەڕیدەیەکی فەرەنسییەوە دوورەپەرێزی و گۆشەگیری کورد لە کارتێکردنی وڵاتانی دیکە لەدەستگرتن و پارێزگاریکردن بەکەلتور و داب و نەریت و زمانیان هاوکاریان بووە(رحلة أوليفية، ١٩٨٨: ١٢٦).

زمان بە یەکێکی دیکە لە پێکهێنەرە گرنگەکانی کەلتور و ژیانی کۆمەڵایەتی دادەنرێت، کە کاریگەری ڕاستەوخۆی لەسەر ژیانی تاک و کۆمەڵ هەیە، زمان تەنها هۆکاری ئاخافتن و نوسین و پەیوەندیکردن نییە، بەڵکو گوزارشت لە بیرکردنەوە و وجودی مرۆڤیش دەکات، کە وادەکات پەیوەندییەکی ئەنتۆلۆژی لەنێوان زمان و وجودی مرۆڤدا دروست ببێت، تەنانەت بەشێک لە زانایانی بواری ئەنتۆلۆژی سەرهەڵدانی زمان ڕاستەوخۆ بە دەرکەوتنی یەکەمین مرۆڤی ئاوەزمەند دەبەستنەوە، هەرچەندە بەگوێرەی شوێنەوارناسان پاشماوەی یەکەمین مرۆڤ لە نزیک وڵاتی ئەسیوبیای ئێستا بۆ (١٩٥٠٠٠ساڵ) بەر لە ئێستا دەگەڕێتەوە، بەڵام ڕەفتاری ژیر و ئاوازمەندانەی مرۆڤ بۆ نزیکەی (١٢٠٠٠٠ ساڵ) بەر لە ئێستا دەگەڕێتەوە، ئەمەش واتای ئەوە دەگەیەنێت مرۆڤ دوای هەزارەها ساڵ ژیانکردن مێشک و ئاوەزی گەشەیکردووە ئینجا فێری زمان و ڕەفتاری ژیرانە بووە و لەکاتێکدا ئاینە ئاسمانییەکانی وەکو( جولەکە، مەسیحی و ئیسلام) بەتەواوی ئەم بۆچونە ڕەتدەکەونەوە و پێانوایە زمان دیارەدەیەکی خواکردە، لە تەلمود و کتێبی عەهدی قەدیمدا هاتووە، کە زمانی عیبری زمانی خودایە و بەهەشتییەکان و فریشتەکان و دواتریش پێغەمبەران بەم زمانە گفتوگۆیان کردووە، ، زمانی ئارامی یان

زمانی پیرۆز، کە بەشێکە لە سامییەت و زمانی عەرەبی و زمانی سریانی، هەروەها زمانی (جو-کریستیانیش) زمانی خودا بووە و فریشتەکان لەنێوان خۆیان و خودادا بەو زمانە ئاخافتنیان کردووە(زەڵمی، ٢٠١٢: ٧٤-٧٥).

زمان بۆ هەر گەل و نەتەوەیەک بە یەکێک لە پایە سەرەکییەکانی بوونی دادەنرێت و تاکەکان بۆ دەربڕین و پەیوەندییکردن و گوزارشتکردن لە خواست و بیر و ئەندێشەیان لەگەڵ یەکتر گفتوگۆی پێدەکەن، بەمەش زمان دەبێتە خاڵی هاوبەش و پێکەوە گرێدانی تاکەکان بۆ هەستکردن و لەیەکگەیشتن و دروستکردنی پەیوەندی کۆمەڵایەتی و پەرەسەندنی کۆمەڵایەتی، لەڕێگەی زمانەوە بەشێک لە کەلتور و داب و نەریت و بەهاکان لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی دیکە دەگوێزرێتەوە، زمانی گشتی یان زمانی هاوبەش دەبێتە هۆکارێکی بەهێز بۆ یەکگرتنی کۆمەڵگە، لەڕێگای زمانەوە هەست و بیر و ئەندیشە بەهێز دەبێت و ئەدەب و وێژە دەردەکەوێت و ئەدەبی نەتەوەی پەرەدەسێنێت و وەک بنەمای شوناسی نەتەوەیی ڕۆڵ دەگێڕێت، زمان جۆرێک لەناسنامە بەتاکەکانی هەمان گەل و نەتەوە دەبەخشێت، کە سنور بڕە و لە دەرەوەی خاک و زێد و نیشتمانیش تاکەکان زمانەکەیان دەپارێزن (قەرەداخی، ٢٠١١: ٦٤).

زمان وەک پێکهێنەرێکی گرنگی شوناسی نەتەوەیی دادەنرێت بەتایبەتی بۆ گروپە ئیتنیکیەکەمینەکان، کە لەنێو دەوڵەتێکدا دەژین گروپی زۆرینە باڵادەستە، زمان هەڵگری نیشانەکانی ڕەسەنایەتی و شوناسیەتی و ئەم بابەتە بۆ زمانی کوردی ڕاست و دروستە، لەلایەکی دیکەوە فەراهەم بوونی زمانی دایک لەهەر کۆمەڵگەیەکدا دەرفەتی لەبار بۆ بەشداریکردنی تاکەکان لە ژیانی فەرهەنگی کۆمەڵایەتی و سیاسی دەڕەخسێنێت، دواجار بەهۆی زمانەوە بنەماکانی دیکەی شوناسی نەتەوەیی پێکدەهێنرێت، کە بەبڕوای بیلینگ شوناسی نەتەوەیی بریتییە لە هەبوونی دەرفەت و دەرەتان بۆ قسەکردن سەبارەت بەنەتەوە(گۆڤاری تیشک، ژمارە (٥٩-٦٠)، بەهار و هاوینی ٢٧٢١: ٢٣٥).

هەبوونی زمان بۆ هەر گەلێک مۆرکێکی کەلتوری و بەهایەکی باڵای پێدەبەخشێت و زۆرجار دەبێتە هۆکارێکی گرنگ لە پێکهێنانی شوناسی نەتەوەیی گشتیدا، هەندێکجار بایەخی زمان بۆ ئەودیو زمانی ڕووت درێژ دەبێتەوە بۆ فاکتەرێکی سیاسی بەهێز دەگۆڕێت، کە لەڕێگەی سەرکوتکاری کەلتور و زمانەوە ڕێگە لەگەشەکردن دەگیرێت، لە دیدی (سکۆتناب، کەنگاس و فلیبسۆن) زمان لەفۆرمەلەکردنی هۆشیاری ئایدۆلۆجییدا دەبێتە یەکێک لە پێکهێنەرە سەرەکییەکانی شوناسی نەتەوەیی و لە پلاندانانی کۆمەڵایەتیشدا وەک ڕەهەندێکی سەرەکی لەقەڵەمدەدرێت، کە گروپێکی (ئیتنی، زمانی و سیاسی) لەسەر حیسابی ئەوانی دیکە بەهێز دەکات، زمان بە نیشانەیەکی ئاشکرا و دیاری گروپەکان دادەنرێت و زامنی مانەوە و بەردەوامیان پێدەبەخشێت و دەبێتە مۆرکێکی دیاری ئەو جیاوازیانە، کە نەتەوەکان لەیەکتر جیادەکاتەوە، لەدیدی (فیشت)ەوە "لەهەر شوێنێک زمانێکی جیا هەبێت نەتەوەیەکی جیاش هەیە" (ئیزابێلا وانج، ٢٠١٤: ١٩٨-١٩٩). زمان یەکێکە لە ڕایەڵە سەرەکییەکانی پێکهاتنی هەر نەتەوەیەک و سەرجەم ڕەگەز و بنەماکانی دیکە هێز لەوەوە وەردەگرن، زمان بچینەیەکی مەزن و کاریگەرە، کە ئەندامانی نەتەوە پێکەوە دەبەستێتەوە و بەرهەمی پێکەوە ژیان و کەلتوری هاوبەشە، کەبەهۆیەوە تاکەکان هەست بەبوون و کەسایەتی خۆیان دەکەن( عەلی، ٢٠٠٤: ٩٠).

لەدوای هەڵوەشاندنەوەی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی لە باشوری کوردستان نوسین بەزمانی کوردی بووە بە بەرنامەی کاری نوسەران و ڕوناکبیران و سیاسەتمەداران و بووە بەهۆی گەشەکردنی فەرهەنگی(شاکەلی، ٢٠١١: ١١٣) ئەمەش بۆ

کورد، کەهێشتا خاوەنی دەوڵەت نییە زمان ڕۆڵێکی کاریگەری لە پێکهێنانی شوناسی نەتەوەییدا بینیووە، سەرکەوتنی کورد لە باشوری کوردستان لە بەشداری پێکردنی زمانی کوردی لە بواری پەروەردە و ڕۆشنبیردا بەتایبەتی خوێندن بەزمانی کوردی لە قۆناغەکانی بنەڕەتی و ئامادیی وایکردووە بواری ئەدەب و وێژە زیاتر گەشە بکات و زمانی کوردی لە پاراستنی شوناسی کەلتوری و ئیتنی و نەتەوەییدا ڕۆڵی بەرچاو بگێرێت(ئیزابێلا وانج، ٢٠١٤: ٢٠٣-٢١٠). بەشێک لەڕۆشنبیرانی کورد زمانی کوردی بە هۆکاری سەرەکی پەروەردەی نەتەوەیی دادەنێن و پێانوایە پێشخستنی زمانی کوردی تەنها بۆ فێرکردنی کورد بە شێوازێکی ناسیۆنالیستانە نییە، بەڵکو لەڕێگەی مێژوو و ئەدەبیاتی نوسراویان بەزمانی کوردی تایبەتمەندی نەتەوەبوونیان بەجیهان نیشانداوە، نوسەرێک لەمبارەیەوە ونوسیویەتی: " بەتایبەت لەم سەردەمەدا، لە جیهانی شارستانییدا، هۆکاری سەلماندن و بوونی هەر نەتەوەیەک، زمان و نەتەوەکەیەتی، نەتەوەیەک ئەم دوو هۆکارەی بۆ سەلماندنی خۆی نەبێت گرنگی پێنادرێت و کەس گوێی پێ نادات" وەرگیراوە لە (کلاین، ٢٠١٩: ١١٢). ئەندرسۆن گرنگی زمان و بڵاوبوونەوەی چاپەمەنی بە نرخی هەرزان و تیراژی زۆر بەهۆکارێکی گرنگ لە دەرکەوتن و گەشەکردنی هۆشیاری کۆمەڵایەتی و سیاسی و دەرکەوتنی ناسنامەی نەتەوەیی دادەنێت و وەک بەشێک لە لێکەوتە و دەرهاویشتەکانی قۆناغی مۆدێرنە لێدەڕوانێت(أندرسن، ١٩٩٩: ٤٩)

ئایین یەکێکی دیکەیە لە بنەما و ڕەگەزە سەرەکییەکانی پێکهێنانی شوناسی کەلتوری بەتایبەتی لە کۆمەڵگە نەریتییەکاندا، دەزگای تایبەتی خۆی هەیە و مەعریفەی دینی بەرهەم دەهێنێت و لە پرۆسە و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکاندا ڕۆڵی گەورە دەگێرێت، هەر بۆیە هێچ کەلتورێک نییە ئایین کاریگەری لەسەری نەبێت، لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە پەیوەندییەکانی خێزان و خزمایەتی و خوێن بە ئاینی کراون، بەڵام ڕەهایانە لەسەر ئایین نەوەستاون، لە هەمانکاتدا بنەما و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانیش لەسەر ئایین کاریگەرییان هەیە، کە چەندین ئاینزا و مەزهەبیان لەنێو ئاینێکدا دروستکردووە(میران، ٢٠١٣، ٣٨-٣٩).

لە دێرزەمانەوە ئایین و ئاینزای جیاواز لەکوردستان بڵاوبوەتەوە و هەریەکەشیان گوزارشت لە بنەمای شوناسی کۆمەڵایەتی گروپێک دەکەن، زۆرجار حکومەت و سیاسەتمەدارانیش بۆ یەکڕیزی خەڵک یان بەدیهێنانی مەرامە سیاسییەکانیان سودیان لەئایین وەرگرتووە، بۆ نمونە لە عێراق زۆرینەی کورد موسڵمانی سونە مەزهەبن، کە هەمان ئاین و مەزهەبی حکومەتی ناوەندی بووە و ئەمەش وایکردووە کاریگەری ئایین نەرێنی بووە بەتایبەتی کاتێک حکومەتی عێراق سودی لەبنەمای ئاینی هاوبەش بینیووەو بۆ ڕاکێشانی هەست و سۆزی کورد، لەلایەکەوە نەبوونی کێشەی ئاینی وایکردووە کاریگەری ئایین لەسەر شوناسی سیاسی کەمتر بێت، لەلایەکی دیکەوە پارت و گروپە ئاینییەکانی چالاکی و جموجۆڵیان بەرامبەر هەبوونی حکومەتی سیکۆلار و سیاسەتی سیکۆلار ئەنجامداوە بەمجۆرە ئایین پشکداری لە شوناسی سیاسیدا کردووە. بەشێکی زۆر لە تاکی کورد خۆیان بە ئایندار دەزانن و شوناسی ئاینی زیاتر لە شوناسە کۆمەڵایەتییەکانی دیکە کاریگەری لەسەر ڕەفتار و بیرکردنەوە و ئاکاری سیاسیان دروستکردووە (موفیدی، ٢٠١٩: ١١٥).

لە باشوری کوردستان زۆربەی کورد موسڵمانی سونە مەزهەبن و لایەنی ئاینیی ناسنامەی کەلتوری کوردییان پێکهێناوە و هەر ئەمەش وایکردووە دەمارگرژی ئایینی لە هەرێمی کوردستان بەرچاوناکەوێت، لەلایەکیترەوە ئەو کۆمەڵگەیانەی نەکەوتونەتە ژێر کاریگەری کەلتورەکانی دیکەوە وەک کۆمەڵگەی کوردی زۆرتر شوناسی کەلتوری خۆیان پاراستووە و

sjh@univsul.edu.iq

بەگشتی پەرەیان بەسیستەمی ئاینی خۆیان داوە. ناسنامەی ئاینی کورد زیاتر سونەی شافعی مەزهەبە ئەمەش تاڕادەیەکی باش یەکگرتنی لەنێو کوردا دروستکردووە و بووە بە ناسنامەی کورد، بۆ نمونە لە تورکیا بۆ ئەوەی بزانن کەسێک کوردە یان نا پرسیاری مەزهەبەکەی لێدەکەن، ئەم جیاوازییە مەزهەبییە هۆکار بووە هەندێک لە شۆڕشگێڕانی سەدەی نۆزدە لەوانە شێخ عوبەیدوڵلای نەهری لەو نامەیەی بۆ کونسوڵی بەریتانیای ناردبوو نوسیبووی " کورد نەتەوەیەکی جیاوازە، ئایینەکەیان جیاوازە و زمانەکەیان جودایە" (کرینبروک و ئاڵیسۆن، ٢٠٠٨: ١٢٩ و ١٣٩).

تایبەتمەندی ئاینی تەریقەتە سۆفیگەراکان و کردار و هەڵسوڕانە تایبەتیەکانیان بەشێکی گرنگ لە ناسنامەی ئاینی ئیسلامی میللی لە هەرێمی کوردستان پێکهێناوە و تەنانەت زۆربەی زانا و ناودارانی کوردی سەر بە یەکێک لە تەریقەت و ڕەوتە دەروێشییەکان بوون، کەلەلایەن شێخێکەوە ڕێبەرایەتی کراوە، شێخ و ڕێبەرانی تەریقەتەکان خاوەنداریەتی دەنگی زۆربەی پەیڕەوکەرانی ئیسلامی میللیان کردووە، لەدوای نەمانی میرنشینە کوردییەکان و سەرهەڵدانی ململانییەی توندی نێوان خێڵەکان تەنها کەس بوون توانیویانە جڵەوی بارودۆخەکە بکەن و لەسەرو ئینتیما خێڵەکییەکانەوە ناوبژیوانی لایەنە ناکۆکەکانیان کردووە و ئاگایی و هۆشیارییەکی گشتییان سەبارەت بە یەکێتی ئینتی هێناوەتە ئاراوە، کە جیاوازییە خێڵەکی و ناوچەییەکانی تێپەڕاندووە( ئیزابێلا وانج، ٢٠١٤: ١٨٨).

لەسەردەمی مودێرنەدا شوناسی ئاینی لەهەرێمی کوردستان زیاتر پەرەیسەندووە و لە چوارچێوەی شوناسی سەرەکی ئیسلامدا چەندین گروپی ئایینی بە شوناسگەلێکی جیاوازەوە سەریهەڵداوە و وەک ئایدۆلۆژیای ئیسلامی سیاسی سوننە کاریگەری بەرچاوی لەسەر شوناسی سیاسی ئایینی دروستکردووە، بۆ نمونە بەشداریکردن لە هەڵبژاردنەکاندا، کە یەکێکە لە نیشاندەرەکانی کاریگەری شوناسی ئایینی لەسەر سیاسەت، لەساڵی ١٩٩٢ لیستی ئیسلامییەکان ٥،٥٪ دەنگەکانیان بەدەسهێناوە لەکاتێکدا بۆ چوونە نێو پەرلەمان پێویستیان بە ڕێژەی ٧٪ دەنگەکان بووە، بەڵام لەساڵی ٢٠٠٥ کۆمەڵی ئیسلامی بە(٦ کورسی) بەشداری پەرلەمانی کردووە، بەزیادبوونی ژمارەی دەنگدەرانی ئیسلامی لەساڵی ٢٠١٣ ڕێژەی دەنگدەرانی گروپە ئیسلامییەکان کە هەڵگری شوناسی ئسلامی سیاسین بەرێژەیەکی بەرچاو بەرزبووەتەوە، کە لیستی یەکگرتووی ئیسلامی بە(١٠) کورسی، کۆمەڵی ئیسلامی بە(٦) کورسی، بزوتنەوەی ئیسلامی بە(١) کورسی بەشداری پەرلەمانی کوردستانیان کردووە(موفیدی، ٢٠١٩: ١١٦).

ئیتنۆگەرایی بە بنەمایەکی هەرە گرنگی پێکهێنانی شوناس دادەنرێت، وەک شوناسێکی ئیتنۆ-سیاسی گوزارشت لە شوناسی نەتەوەیی دەکات، کە وێنەیەکە ئێستا و ڕابردووی نەتەوە پێکەوە گرێدەدات و بە شێوەیەکی گشتی لە سێ بنەمای سەرەکی پێکهاتووە، وەکو جیهانبینی نەتەوە بۆ گوزارشتکردن لەخۆی، ئەو زمانە بنەڕەتییەی نەتەوە قسەی پێدەکات، هەروەها بنەمایی کەلەپور و کەلتوریی مێژوویی(المنیر، ٢٠٠٠: ١٤٦). هەموو نەتەوەیەک لەرێگەی شوناسەوە گوزارشت لە بوونی خۆی دەکات، کە هەر نەتەوەیەک لە ماوەیەکی دیاریکراوی مێژوویی‌دا خاوەنی شوناسە و هەژمونی خۆی بەسەردا دەسەپێنێت(طاهر، ١٩٩٩: ٣). بۆ کورد شوناسی کوردیبوون لەهەموو شوناسەکانی دیکە کەمەندکێشکەرێکی بەهێزترە، چونکە کاتێک شوناس بە سیاسی دەکرێت تێکڕای پێکهاتەکانی دیکەی شوناسی کۆمەڵایەتی دەبنە شوێنکەوتەی پێکهاتە ئیتنیکیەکە و ملکەچی دەبن، هۆکاری بەهێزی شوناسی (کۆمەڵایەتی-ئیتنۆگەرایی) بۆ کاریگەرییەکانی لەسەر شوناسی تاک و کۆمەڵ دەگەڕێتەوە، کە خۆناساندن لەئاستی تاک و بەرجەستەبوون لە کارلێکی کۆمەڵایەتی پێکەوە گرێدەدات. ئیتنۆگەرایی

لە هەرێمی کوردستان بەشێوەیەکی بەرچاو گەشەی کردووە، هۆکاری ئەمەش بۆ هۆشیاری و ئاگایی تاکەکان سەبارەت بە ئینتیمای تایبەتی ئیتنیان دەگەڕێتەوە، بەهێزی و پشکوتن و بەسیاسیکردنی چەمکی ئیتنۆگەرایی کوردی بۆ ڕێبازی ڕیشەگەرای دەگەڕێتەوە، کە سیماگەلێکی خودچەسپاوی وەک(ڕەگەز، زمان، ئەدەب و خزمایەتی) لەخۆگرتووە( ئیزابێلا وانج، ٢٠١٤: ٢٣٤-٢٣٦).

کاتێک شوناسی کۆمەڵایەتی بۆ شوناسی سیاسی دەگۆڕێت دەبێت کۆمەڵێک هۆکاری گرنگ بەردەست بێت لەوانە هەبوونی شوناسگەلێکی بەهێزی سیاسی وەک بوونی گرووپی سیاسی و گرووپی ناڕازی و ئۆپۆزسیۆنی سیمبولی و ڕاستەقینە. لە سیاسەتدا شوناس دەکرێت هەم ئامراز بێت هەم ئامانج، بۆیە دەسەڵات و حکومەت لە پێکهێنانی ڕەوتەکانی پەیوەندیدار بە شوناس لە ئاستی ناوخۆ و دەرەوەشدا، لە ڕیکخراوە فەرمی و نافەرمییەکاندا، هەوڵی بەدامەزراوە کردنی شوناس دەدات. کە لە پلەبەندی کۆمەڵایەتی و کاری دەرەکی شوناس بەگشتی ڕۆڵی گرنگی هەیە. شوناسی سیاسی پەیوەندی بە هاوبەستەگی گروپەوە هەیەو لەو ڕێگایانە دەدوێت، کە تێیدا ئەندامبوون لە گروپێکی تایبەت و ڕێباز و بیرو ڕای سیاسی تایبەت نیشاندەدات. ئەو شوناسانەی سەر بە حیزبێکی سیاسی یان ئایدۆلۆژیایەکی سیاسی یان بابەتێکی سیاسی تایبەتن بە سروشتی سیاسیین، ئەو شوناسە کۆمەڵایەتیانەش، کە ناوەڕۆکێکی سیاسیان هەیە هەر بە شوناسی سیاسی هەژماردەکرێن. کۆمەڵێک هۆکاری زۆر و جیاواز لەوانە: ( هۆشیاری سیاسی تاک و کۆمەڵگە، حکومەت، دامودەزگا پەروەردەییەکان، فۆرمە جیاوازەکانی ڕاگەیاندن و دامودەزگا نا دەوڵەتییەکان، حیزب و ڕێکخراوەکان ...) لە بیچمگرتن و ئاراستە کردنی شوناسی سیاسی ڕۆڵی گرنگ دەگێڕن (موفیدی، ٢٠١٩ : ١١٣-١١٤).

**باسی سێیەم: کاریگەرییەکانی مۆدێرنە لەسەر شوناسی کوردی لە باشوری کوردستان**

سەرهەڵدانی مۆدێرنە، کاریگەری ڕیشەیی لەسەر کۆمەڵگەی مرۆیی لە تەواوی جیهاندا بەجێهێشتووە، کە لێکەوتەکانی وەک شۆڕشی پیشەسازی و دروستبوونی سیستەمی سەرمایەداری بووە بەهۆی پێکەوەگرێدانی کۆمەڵگە جیاوازەکان و کارلێک و کارتێکردنی تاکەکانی پێکەوە زیاتر کردووە، بەجۆرێک شوناسی تاکەکان لەنێو کۆمەڵگەدا گۆڕانکاری بەسەرداهاتووە و بەهۆی دروستبوونی چین و توێژی جیاوازەوە، کە هەریەکەیان شوناسێکی تایبەت بەخۆیان هەبووە فرە شوناسی یان وردە شوناس لەنێو شوناسی سەرەکییدا سەریهەڵداوە. بەهۆی فەراهەمبوونی ڕێگا جیاوازەکانی هاتووچۆ و تۆڕەکانی پەیوەندیکردن و ئەنتەرنێت چیتر شوناس بەشێوازێکی داخراو لە ڕووبەرێکی جوگرافی دیاریکرودا نەماوەتەوە، بەڵکو مرۆڤ بەئاسانی دەتوانێت شوناسی جیاواز لە شوێن و کەلتوری جیاواز بەدەسبهێنێت، لەلایەکی ترەوە بەهۆی بەجیهانیبوونەوە تێکەڵاویی کەلتوریی کاریگەری نەرێنی لەسەر شوناسی ڕەسەنی نەتەوەیی بەتایبەتی نەتەوە بێ دەوڵەتەکان دروستکردووە، کە ناتوانن پارێزگاری لە شوناسی ئیتنی خۆیان بکەن و ڕەنگە تووشی هەڵاواردنی ڕەگەزی یان ڕەگەزپەرستی ببنەوە، یان لەهەندێک بارودۆخدا بۆ خۆگونجاندن شوناسی نوێ و تێکەڵاو دروست بکەن (عبدالمقصود، ٢٠٢١: ٢٢٣). بەهۆی لێکەوتەکانی بەجیهانیبوون و ملکەچ بوون بەو پەراوێزە شارستانییە شوناسی کەلتوری گەلان لە زۆربەی ناوەڕۆک بنەماکانی بەتاڵدەبێتەوە و ئینتیما بۆ نیشتمان و نەتەوە و دەوڵەت کەمدەبێتەوە (الجابري، ١٩٩٧ : ٣٠٣).

sjh@univsul.edu.iq

تێڕوانینێکی دیکە پێیوایە بەجیهانیبوونی ئابووری و فراوانی و فرەچەشنی هۆکارەکانی پەیوەندی و گەیاندن و سەرچاوە ڕۆشنبیرییەکان کاریگەری نەرێنیان بۆسەر شوناسی ئیتنی و نەتەوەیی نەبووە و بەپێچەوانەوە دەرفەت و دەرەتانی نوێ بۆ گەشەپێدانی میللەتان و گەیاندنی کەلتور و ناساندنی شوناسیان بە میللەتانی دیکەی جیهان هاتووەتە ئاراوە، کە بەهۆی فەراهەمبوونی تۆڕەکانی پەیوەندیکردن و تێکەڵاوبوون بەو فەزا ڕۆشنبیرییە هاوبەشەی جیهانی پێکەوە گرێداوە هەڵگرانی شوناسە جیاوازەکان دەتوانن سود لەتوانا مادی و مەعنەوییەکانی ئەوانی دیکە وەربگرن و بیخەنە خزمەت گەشەپێدانی شوناسی خۆیان( بشارة، ٢٠٢٢: ٤٢)

هەرێمی کوردستان بەیەکێک لە دەرکەوتە سیاسی و جیۆپۆلەتیکییەکانی پاش جەنگی سارد و شەڕی کوێت دادەنرێت، کە وەک یەکەیەکی سیاسی وەرچەرخانی ناسنامەی بەرهەمهێناوە، ئەگەر پێشتر دروستکردنی ناسنامەی کوردی لەژێر هەژمون و ڕەفتار و سیاسەتەکانی ڕژێمە فەرمانڕەواکانی عێراقدا بووبێت لەگەڵ دروستبوونی هەرێمی کودستان کورد خۆی حاکم و فەرمانڕەوای خۆی بووە و ڕووبەڕووی خۆی بوەتەوە، لەماوەی فەرمانڕەوای کوردی بۆ زیاتر لە سێ دەیە نەوەیەک دروستبووە، کە لەئەنجامی ژیانکردن لەژێر سایەی حکومەتی خۆماڵی و لە هەناوی گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکانی هەرێمی کوردستاندا ناسنامە و شوناسی خۆی دروستکردووە، بەمەش ئەگەر بنەمای هەموو شوناسێک جیاوازییەکەی بێت ئەوە جیاوازی کوردی بۆ ناسنامەی کوردێک لە نێو سیستەمی ئابوری و کۆمەڵایەتی و سیاسی هەرێمی کوردستاندا کورد خۆیەتی، شوناسی کوردی بەرامبەر  کوردی لێکەوتەی باش و خراپیشی هەیە، بۆ نمونە شەڕی ناوخۆ کاریگەرییەکەی هێندە خراپ بووە کەلتور و خەیاڵ و ئاگایی و ناسنامەی زۆر لە کوردی باشوری گۆڕیووە هەتا ئەو ڕادەیەی گرنگ نییە لەکام بەرەی شەڕدایت، چونکە کاریگەری لەسەر کورد یەکسانە، هاوکات دروستکردنی شوناس بەرامبەر خود لایەنی باش و ئەرێنیشی هەیە، کە ئەگەر بەباشی ئاراستە بکرێت دەبێت بەهۆی بەکۆمەڵگەبوون و دەرکەوتنی چین و توێژی جیاواز و دانپێدانانیان بەیەکدی و دروستبوونی گفتوگۆ و توانای یەکتر قبوڵکردن و هاریکاری ناوخۆ، بەمجۆرە ناسنامە و پانتایی شوناس وەرچەرخانی بەسەردا هاتووە، کەتەنها شەڕ و پەیوەندییەکان ناگرێتەوە، بەڵکو فرەیی و ئاڵۆزی و لەیەکدابڕان وەک شقڵە سەرەکییەکانی دادەنرێت(عەزیز، ٢٠٢١، ٤ ).

هاوشێوەی گەلانی دیکەی جیهان شوناسی کورد لەهەرێمی کوردستان لەڕووی ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسی و فەرهەنگییەوە لەژێر کاریگەری و هەژموونی مۆدێرنە و بەجیهانیبوندایە، بە هۆی نەبوونی دەوڵەتی کوردی و نەبوونی دامودەزگای تایبەت و چەسپاو لەو بوارانەدا، کاریگەری ڕەهەندەکانی بەجیهانیبوون و کاڵبوونەوەی شوناسی کەلتوری کوردی بەئاشکرا ڕوون و هەستپێکراوە، لەڕاستیدا شوناس کاتێک گرنگ و مانادار دەبێت و لەڕووی دەروونییەوە تاکەکان ئامادەی قوربانیدانبن لەپێناویدا، ئەو کاتە شوناس لەسەر باشتر کردنی ژیان و گوزەران و فەراهەمکردنی  ڕەهەندە ماددی و معنەوییەکانی تاک و کۆمەڵگە ڕەنگدانەوەی دەبێت و هەستی پەیوەستبوون و ئینتیما و شانازیکردن بۆ هەڵگرانی شوناس دەستەبەر دەکات. بۆ ڕژێمە خۆسەپێن و تاکڕەوەکان شوناس شتێکی دروستکراوی ڕووکەشگەرای سەپێنراوە، کە دەسەڵاتی سیاسی بەناوی گەلەوە سود لەشوناسی کۆمەڵگە وەردەگرێت و خاوەنداریەتی دەکات بەدروستکردنی سوپاو دامودەزگای داپڵۆسێنەر و سیخوڕی و کپکردنی دەنگە ناڕازییەکان یان گەوجاندن و چەواشەکاری درێژە بەمانەوەی خۆی دەدات، بەمجۆر خراپ بەکارهێنانی دەسەڵات و گەندەڵی و ستەمکاری کاریگەری نەرێنی بۆسەر ئینتیمای نیشتمانی و شوناسی

سیاسی تاکەکان دروستدەکات، بەتایبەتی کاتێک دەبینێت مافی ئازادی ڕادەربڕینی نییە و نیشتمان لانەی ئارام و خۆشگوزەرانی و ئامانجەکانی ئەو نییە بایەخ و بەهای شوناس لای ئەو کاڵدەبێتەوە. لە هەرێمی کوردستان شوناسی سیاسی کورد لە دۆخێکی شپرزە و ئاڵۆزدایە هەتا ڕادەیەکی بەرچاو لە نێو تاکی کورددا بەتایبەتی گەنجان، کە گەورەترین سەرمایەی مرۆیی و ئابوری و سیاسین هەست بەلاوازی ئینتیما دەکرێت لەهەمان کاتدا شوناسی کۆمەڵگەش بێ ستراتیژە، کە ئەگەر هەوڵی باشتر کردنی نەدرێت بازنەکانی پارێزگاریکردن لەشوناسی کوردی لە داهاتوودا تەسکدەبێتەوە(محەمەد، ٢٠١٢: ٣٠-٣١).

لە باشوری کوردستان گوتارێکی مۆدێرنە یان دونیابینی پۆستمۆدێرنە وەک پێویست لەسەر سیستەمی مەعریفی بۆ بوارەکانی وەک ( زانست، ئایین، فەلسەفە و هزر، ئەدەب، هونەر ، ئابووری، هونەر، تەلارسازی ...هتد) هەتا ڕادەیەک کاریگەری بەجێهێشتووە، بەڵام ئایا گوتاری ڕەخنەیی ڕۆشنبیری کوردی گەیشتووەتە ئاستێک ناسنامەی خۆی هەبێت، یان بۆ گوتاری مۆدێرنە و ڕۆشنگەری خوێندنەوەی هەبێت؟ بۆ وەڵامی ئەم پرسیارە دەکرێت بوترێت لەبواری ئەدەبی و هونەرییدا هەتا ڕادەیەک دەستکەوتی هەبووە، بەڵام گەلاڵەبوونی گوتارێکی ڕەخنەیی ڕەسەن، کە توانای بەرهەمهێنانی مەعریفەی بە مۆرکی کوردی هەبێت و گوزارشت لە شوناسی ڕۆشنبیری کوردی بکات وەکو پێویست نەخەمڵیوە، هۆکاری ئەمەش ڕەنگە بۆ نەبوونی دەزگای ئەکادیمی زانستی سەربەخۆ و کارا بگەڕێتەوە، کە زۆرجار دەزگا حیزبییەکان و ڕۆژنامە و گۆڤاری کەسی و گروپی (هاوی) جێگای جۆرناڵی پرۆفیشناڵ و ئەکادیمییان گرتوەتەوە، وەک پێویست بودجەی نیشتمانی بۆ پەرەپێدانی توێژینەوەی زانستی بە میتۆدەکانی لێکۆڵینەوەی زانستی و کردنەوەی ناوەندی ئەکادیمی نیشتمانی بۆ وەرگێران و چاپ و بڵاوکردنەوە بەرهەمە زانستییەکان تەرخاننەکراوە (زەڵمی، ٢٠١٢: ١٩٦-١٩٨).

باشوری کوردستان لە ئێستادا لە قۆناغێکی ڕاگوزەر و گواستنەوەدایە لە قۆناغی کەلتورێکی نەریتیەوە بۆ کەلتورێکی مۆدێرن، هەندێک پێیانوایە قۆناغی ڕاگوزەر واتە دەستکەوت و پێشکەوتن و گەشەکردن، لەکاتێکدا ئەم قۆناغە خاڵی پێکەوە گرێدانی ڕابردوو داهاتووە، کە دەکرێت ڕەوشەکە بشێوێت و لە ڕابردوو خراپتر بێت، یان بەپێچەوانەوە ڕێچکەی ڕاست بگرێت و باشتر بێت، یەکێک لەسیما دیارەکانی ئەم قۆناغە بریتییە لە پێشهات و ڕووداوی چاوەڕواننەکراو بەجۆرێک کاریگەری لەسەر ژیان و گوزەران و بوارە جیاوازەکان دروست دەکات، مرۆڤ هێدی هێدی هەست بە لەدەستدانی هەندێک لە پێوەرە کۆمەڵایەتییەکان دەکات، ئەم قۆناغە دەسکەوت و بەرهەمی خەباتی چەند کەسێکی دیاریکراو نییە، بەڵکو لەئەنجامی بەریەککەوتنی کۆمەڵێک گۆڕانکاری ناوخۆیی و ئاڵوگۆڕی سیاسی و هەرێمی و جیهانی هاتووەتەکایەوە، ئەم ڕەوشە دەبێت لەسەر دەستی کەسانی پسپۆڕ و شارەزا و بیرمەند و ڕۆشنبیر و سیاسەتمەداری خوێندەوار ئاراستە بکرێت و حکومەت بە پشتبەستن بەو توێژانەی ناویانهاتووە ئەنجام و ئاکامی گۆڕانکارییە هەڵسەنگێنێت(عوسمان، ٢٠١٣: ٢٥٠).

جیهانگیری و مۆدێرنە بوون بەهۆی کرانەوەی وڵاتان بەڕووی جیهاندا و بونیادە کۆمەڵایەتییە نەریتییەکانیان هۆشیار کردووەتەوە، سەرسامی و چاولێکەری گەلانیان بە شارستانییەتی ڕۆژئاوا هەتا ڕادەی کاڵبوونەوەی نەریت و کەلتوری ناوچەیی بردووە و زیانی گەورەیان بە بنەماکانی شوناسی ئەو میللەتانە گەیاندووە، بەتایبەتی زمان، کە بەیەکێک لە ڕایەڵە گرنگەکانی شوناس دادەنرێت، بەهۆی بەکارهێنانی زمانە جیهانییەکان و بەتایبەتیش زمانی ئینگلیزی، وەک زمانی سەرەکی شارستانییەتی ڕۆژئاوا، کە هەژموونی خۆی بەسەر لایەنەکانی سیاسی و ئابووری و ڕۆشنبیری جیهاندا سەپاندووە، لە

سێکتەرە جیاوازەکانی وەک بازاڕی کار و بازرگانی، ڕوشنبیری و میدیا، تۆڕەکانی پەیوەندی و ڕاگەیاندن، ناوەندەکانی خوێندنی ئەهلی و زانکۆکان و دەرفەتی بەدەستهێنانی هەلیکار و هەلی خوێندن زانینی زمانی ئینگلیزی وەک بنچینە وەرگیراوە، هاوکات لاوازی هۆشیاری تاک بەرامبەر بە زمان و کەلتوری نەتەوەیی و هەستی شانازیکردن بە زمان و فەرهەنگ و ڕۆشنبیری ڕۆژئاوا شوناسی میللی ئالۆز کردووە (عبدالحمید، ٢٠٢١: ٢٢٤).

بەجیهانیبوون فەزایەکی ئازادی بۆ لێکگەشتن و گفتوگۆی کەلتورەکانی دیکە دروست نەکردووە، تاکو بتوانن بۆ بەدوای باشترین بەهای مرۆیی بۆ پێکەوە ژیانی شارستانییانە بگەڕێن، بەڵکو کۆمەڵگەیەکی بەکاربەری جیهانی بەناوی(کۆمەڵگەی بازاڕی گەردوونی) دروستکردووە، کەتەواوی فۆرمە جیاوازەکانی تەکنۆلۆژیا بە بیستراو و بینراو و نوسراوەوە بەکاردەهێنرێت، کە کاریگەری لەسەر بەهاکانی کۆمەڵگە ناڕۆژئاواییەکان و هەموو تایبەتمەندییەکانی وەک (ئاین، زمان، کەلتور، خێڵ و هۆز، نەتەوەی..) بەجیهێشتووە و هەژموونی خۆی بەسەردا سەپاندوون ملکەچی میکانیزمی بازاڕ و بەکاربردنی کردوون. کاریگەری مۆدێرنە و بەجیهانیبوون لەسەر کورد و باشوری کوردستان وەک بەشێک لە کۆمەڵگە ناڕۆژئاواییەکان خێرا و کتوپڕ و هەمە لایەنەیە، دەرگاکانی بێ سانسۆر ئاوەڵایە بەرووی ڕاگەیاندن و ڕێکخراوە سیاسی و ئەمنییەکانی ڕۆژئاوا و کۆمپانیا جیهانییەکان، کە ئەمەش لەهەندێک بارودۆخدا کاریگەری نەرێنی بۆ سەر ئایندە دروستدەکات، چونکە گۆڕانکارییەکان لە کوردستان بێ پلان و بەرنامەیە وخزمەتی شوناسی کوردبوون و کوردستانیبوون ناکات(موحەممەد، ٢٠١٢: ٤٩-٥٠).

باشوری کوردستان بۆ ئەوەی بتوانێت پارێزگاری لە شوناسی کەلتوری خۆی بکات، دەبێت بەدوای شوناسێکی نوێدا بگەڕێت، کە لەگەڵ سەردەمی کرانەوە و گەشەپێدانی دیموکراسی و کۆمەڵگەی نوێی جیهانیدا بگونجێت، نەک پابەندبوونی تەواو بەو شوناسەی لە سەردەمەکانی ڕابردوودا هەیبووە، دەکرێت کۆمەڵگەی کوردی بەجۆرێک بونیادبنرێتەوە لەگەڵ پێشکەوتنی کۆمەڵگە جیهانییەکان هاوتەریب بێت، بۆیە گوڕانکارییەکان دەبێت زادەی ژینگە جوگرافییەکەی بێت و تاک و گروپ و کۆمەڵگە ڕۆڵی تێدا بگێرن، سەرەتا دەبێت کۆمەڵگە کەلتورییەکان کار لەسەر گەشەپێدانی بەها کۆمەڵایەتییەکانی بکەن و ئیرادە و ویستی هاوبەش بۆ پێشخستنی کەلتوری نیشتمانی بەبنەما وەربگرن. ڕۆڵی سەندیکا پیشەییەکان بخرێتە خزمەت ئامانجە نەتەوەییەکان و پاراستنی شوناسی خۆجێی و مافی یەکسانی بەشداریکردن لەم ئەرکە نیشتمانییە بۆ کرێکاران و فەرمانبەران سەرجەم چین و توێژە جیاوازەکان فەراهەم بکرێت. خێزان و دەزگاکانی ڕاگەیاندن و پەروەدە و فێرکردن پێکەوە لەسەر ستراتیژیەتێکی نیشتمانی و نەتەوەیی و ئاینیی پێکەوە کاربکەن و تاکێکی خاوەن پەیام و هۆشیار و زانستپەروەر و پێشکەوتوو پەروەردە بکەن . حیزبە سیاسییەکان لەسەر بنەمایی چەسپاندنی ئازادی و مافی تاک و کۆمەڵ و دیموکراسی و هۆشیاری سیاسی کار بکەن و یەکسانی و دادپەروەری لەنێو حیزب و دەرەوەی حیزبیشدا بکەن بە بنەمای کاری پێکەوەی و هاونیشتمانیان هەست بەکەسایەتی خۆیان بکەن و بەڕێز و شانازییەوە لە شوناسی نەتەوەیی خۆیان بڕوانن. لە ئاستی ناوخۆ گرنگی زیاتر بە پرۆژەی نیشتمانی لە بوارەکانی ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسی و فەرهەنگی بدرێت و هانی تاک بدرێت شانازی بە مێژوو و شارستانییەت و شوناسی نەتەوەیی خۆیەوە بکات (موحەممەد، ٢٠١٢: ٩١-٩٢).

هەرچەندە ڕایەڵەکانی مۆدێرنە وەک بەشێک لە واقیعی باو لەنێو تەواوی کۆمەڵگەکانی جیهاندا بەئاستی جیاواز چەسپاوە و بووە بە پێویستی ژیانی سەردەم بەتایبەتی لەڕووی زانست و تەکنۆلۆجیاوە، بەڵام هەر کۆمەڵگەیەک بۆ ئەوەی بتوانێت

بەردەوام بێت و خۆی بەرێوەببات پێویستی بە سەرچاوەگەلێکی ڕۆحی و ڕەمزی و ئەخلاقی هەیە تاکو ببن بە بنەمای پەیوەندی و ئیلهام و بەها و سۆز و بۆچونەکانی و توانای کۆنترۆڵکردنی کاردانەوە و تێڕوانیینە گشتی و قوڵەکانی هەبێت، ناکرێت تەکنۆلۆجیا و تۆڕی پەیوەندییەکان ببن بە جێگرەوەی شوناس، چونکە ئەوانە دەستکەوت و بەرهەمی مەعریفەی کۆمەڵگەی مرۆیین لە قۆناغە جیاوازەکانی ژیاندا و بە تەنها موڵکی هیچ میللەت و جوگرافیایەکی دیاریکراو نین، بەڵام کەلتور و شوناس تایبەتمەندی هەر میللەتێکن و لەمێژووی پێکەوە ژیانیان سەرچاوەیگرتووە و ئینتما و لایەنگری تاک و گروپەکەشی نیشاندەدات. بۆ پاراستنی شوناسی هەر کۆمەڵگەیەک پێویستە مامەڵەکردنی لەگەڵ پێدراوە شارستانییەکانی دیکە لەسەر بنەمای خۆگونجاندن و وەرگێرانی ئەوی دیکە بێت نەک لاساییکردنەوەی کوێرانە و سەرسام بوون و پشتهەڵکردن لە بنەما شوناسییە ڕەسەنەکە، چونکە بنەما مادی و ڕۆحی و عەقڵییەکانی هەر شارستانیەتێک گوزارشت لەو ژینگە دەکات لێوەی سەریهەڵداوە لە ئەگەری لەدەستدانی بڕوابەخۆ بوون و لاوازی لەبەرامبەر شوناس و شارستانییەتی ئەوی دیکە ئەو کۆمەڵگەیە بۆ شتێکی بێبایەخ لەنێو ئەو شارستانیەتەدا دەگۆڕێت و شوناسی خۆی وون دەکات( غلیون، ٢٠٠٦: ٢٦٠-٢٦١). شوناسی کوردی لە باشوری کوردستان هاوشێوەی بەشێکی زۆر لە گەلانی ڕۆژهەڵات بەهۆی مۆدێرنەوە تووشی ئاڵنگاری بووەتەوە و بە شێوازێکی نەرێنی کاریگەری لەسەر شوناسی کەلتوری دروستکردووە.

**ئەنجام :**

١- شوناس لە ئاستی تاکدا هەموو ئەو هێما و تایبەتمەندییە دەروونی و جەستەیی و کۆمەڵایەتییانەی کەسێک لەخۆدەگرێت، کە لە کەسێکی دیکە جیاوازە، لەئاستی کۆمەڵیشدا هەموو ئەو سیما و ئاکار و بەهای کۆمەڵایەتییە هاوبەشانەن، کە لایەنی ڕۆحی و دەروونی و کومەڵایەتی و کەلتوری و شارستانییان پێکهێناوە و وەک ئاکارێکی گشتی سەیردەکرێت و لەمیللەتێکەوە بۆ میللەتێکی دیکە جیاوازن و بە گۆڕانی کات و شوێن بەردەوام دەگۆڕێن.

٢- ئاین و زمان و هونەر و ئەدەب و کەلەپور و بەها نەریتییەکان و ڕەفتار و ڕەوشت و ویژدانی نەتەوە و بیر و ئەندێشەکان بەگرنگترین بنەماکانی پێکهێنانی شوناس دادەنرێن، کورد لە باشوری کوردستان خاوەنی بەشێکی زۆر لەو بەها و نەریتانەیە، کە شوناسی کەلتورییان پێکهێناوە، بەڵام بەهۆی کاریگەرییەکانی مۆدێرنە و کرانەوە بەڕووی کەلتوری وڵاتانی دیکەوە مەترسی گەورە لەسەر بەشێک لە بنەما گرنگەکانی دروستبووە.

٣- زمان بە پێکهێنەرێکی گرنگی شوناسی کەلتوری و نەتەوەیی دادەنرێت بەتایبەتی بۆ گروپە ئیتنیکیەکەمینەکان، لە باشوری کوردستانیش زمانی کوردی لەژێر کاریگەری زمانی ئینگلیزی و زمانەکانی دیکەدایە و نەبوونی یەک زمانی ستانداری یەکگرتووی کوردی لەسەرتاسەری کوردستان هەتا ڕادەیەک کاریگەری زمانی ڕەسەنی کوردی کەم کردوەتەوە.

٤- هەرچەندە شوناسی ئاینی زۆرینەی کورد لە باشوری کوردستان ئیسلامی سونەی شافعی مەزهەبە، بەڵام لەسەردەمی مودێرنەدا زیاتر پەرەیسەندووە و لە چوارچێوەی شوناسی سەرەکی ئیسلامدا چەندین گروپی ئایینی بە شوناسگەلێکی جیاوازەوە سەریهەڵداوە و وەک ئایدۆلۆژیای ئیسلامی سیاسی سوننە کاریگەری بەرچاوی لەسەر شوناسی سیاسی ئایینی دروستکردووە.

٥ – لە باشوری کوردستان گەڵاڵەبوونی گوتارێکی ڕەخنەیی ڕەسەن، کە توانای بەرهەمهێنانی مەعریفەی بە مۆرکی کوردی هەبێت و گوزارشت لە شوناسی ڕۆشنبیری کوردی بکات وەکو پێویست نەخەملێوە و لەڕووی سیاسی و ئابووری و زانستیشەوە هەتا ڕادەیەکی بەرچاو توانای پارێزگاریکردنی لە تایبەتمەندییە کەلتوری و کەلەپورە شارستانییەکانی کەمبووەتەوە و ئەو هێرشە کەلتوری و ڕاگەیاندنانەی ئاڕاستەی دەکرێت کاریگەری نەرێنی لەسەر شوناسی کەلتوری دروستکردووە.

**لیستی سەرچاوەکان:**

---

**تێزە زانکۆییە بڵاونەکراوەکان :**

- محەمەد، ڕێواس فتاح، ٢٠٢٣، شارەکانی باشوری کوردستان لەسەدەی نۆزدەدا، تێزی دکتۆرای بڵاونەکراوە، بەشی مێژوو، کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی.

**أ / کتێب بەزمانی کوردی**

- ئیزابێلا وانج، سۆفیا، ٢٠١٤، پەرەسەندنی شوناسی نەتەوایەتی کورد و ئەگەرەکانی دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان ، وەرگێرانی: د.یاسین سەردەشتی، چاپی یەکەم، دەزگای ڕۆشنبیری جەمال عیرفان، سلێمانی.

- ڕەندڵ، جاناتان، ٢٠٠٣، بەم هەموو تاوانەوە لێبوردنی چی، وەرگێرانی ؛ سەلاحەددین ئاشتی، چاپی یەکەم، بۆکان.

- زەلمی، عەلی، ٢٠١٢، پرسی شوناس لە مژدەکانی مۆدێرنەوە بۆ گومانەکانی پۆستمۆدێرنە، چاپی یەکەم، چاپخانەی شڤان، سلێمانی.

- سیوەیلی، ڕێبوار، ٢٠١٥، دیاردەناسی شوێن و شوناس(خوێندنەوەیەکی دیاردەناسانە بۆ شاری سلێمانی)، چاپی یەکەم، ناوەندی غەزەلنوس بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، سلێمانی

- شاکەلی، فەرهاد، ٢٠١١، زمانی کوردی لە ئاستانەی سەردەمێکی تازەدا، چاپی دووەم، چاپخانەی ئاراس، هەولێر.

- قەرەداخی، عەتا، ٢٠٢١، گوتاری ناسیۆنالیزمی کوردی، بەرگی چوارەم، چاپی یەکەم چاپخانەی کارۆ، سلێمانی .

- قەرەداخی، عەتا، ٢٠١١، کۆمەڵگەی کوردی و پەرەسەندنی سروشتی، چاپی یەکەم، چاپخانەی یاد، سلێمانی.

- عوسمان، هەرێم، ٢٠١٣، کورد و مۆدێرنە، چاپی یەکەم، بەڕێوەبەرێتی چاپخانەی ڕۆشنبیری هەرێم، هەولێر.

- عوسمان، بەهرۆز بەکر، ٢٠٢٤، ژنی کورد لە دیدی کوردناساندا لەسەرەتای سەدەی نۆدە هەتا ناوەڕاستی سەدەی بیستەم، چاپی یەکەم، چاپخانەی تاران، کتێبخانەی سایە، سلێمانی.

-عەزیز، سەردار، ٢٠٢١، ناسنامەی کوردی لەباشور سەرهەڵدانی وردە ناسنامەکان گۆڕانی ناسنامەی، لە بڵاوکراوەکانی سەنتەری توێژینەوەی ڕووداو.

- عەلی، جەعفەر، ٢٠٠٤، ناسیۆنالیزم و ناسیۆنالیزمی کوردی، چاپی یەکەم ، چاپخانەی ڕەنج، سلێمانی.

- کلاین، جانیت، ٢٠١٩، ڕۆشنبیران و کێشەی ژن و پەروەردە و زمان لە ئاخێوی ناسیۆنالیستی کورد لە قۆناغی کۆتایی ئیمپراتۆری عوسمانی، بەشێکە لە کتێبی ناسیۆنالیزمی کورد و ڕوانگە ڕۆژئاوا، وەرگێڕانی : وریا ڕەحمانی، چاپی یەکەم، چاپخانەی سەردەم، سلێمانی.

- کرینبروک و ئاڵیسۆن، فلیپ و کریستییەن، ٢٠٠٨، کولتوور و ناسنامەی کوردی، وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە: وریا ڕەحمانی، چاپی یەکەم، چاپخانەی خانی، دهۆک.

- گوڵمحەمەدی، ئەحمەد، ٢٠٠٧، بەجیهانیبوون، کولتوور. شوناس، وەرگێرانی: عەولا بەهرامی، چاپی یەکەم، چاپخانەی خانی، دهۆک.

- موحەممەد، عومەر عەلی، ٢٠١٢، شوناس و ڕەهەندەکانی بەجیهانیبوون، چاپی یەکەم، چاپخانەی شڤان، سلێمانی.

- موفیدی، سەباح، ٢٠١١، ئایین و سیاسەت لە کوردستاندا لەسیاسەتی مەعنەوییەوە بۆ سیاسەتی سیکۆلاریزم.

- میران، ڕەشاد، ٢٠١٣، کوردو مۆدێرنە، چاپی یەکەم، بەڕێوەبەرێتی چاپخانەی ڕۆشنبیری هەرێم، هەولێر.

**کتێب بە زمانی عەرەبی:**

- أندرسن، بندكت، ١٩٩٩، الجماعات المتخيلة، الترجمة: محمد الشرقاوى، المجلس الاعلى للثقافة، سوريا.

- الجابري، محمد عابد، ١٩٩٧، قضايا في الفكر المعاصر، مركز دراسات الوحدة العربية، بيروت.

- غليون، برهان، ٢٠٠٦، اغتيال العقل، الطبعة الرابعة، المركز الثقافي العربي، دار البيضاء- المغرب.

- محمد، عبدالله شاهين محمد، ٢٠٢١، تحديات العولمة الإقتصادية و السياسية للدول العربية وسبل معالجتها، دار الأكاديميون للنشر والتوزيع، الأردن.

- المنير، محمود سمير، ٢٠٠٠، العولمة و عالم بلا هوية، دار الكلمة للنشر المصورة، مصر.

**کتێب بە زمانی ئینگلیزی:**

-Tajfel, Henri. 1978: Inter individual behavior and intergroup behavior. In H.

Tajfel (ed) Differentiation Between Social groups, Academic Press, London.

**- گۆڤار بەزمانی کوردی:**

- بەکر، سەلام ناوخۆش، ٢٠١٧، دیالێکتی مەزهەبی و پەرتبوونی شوناس بە نمونەی شێوە زازا، گۆڤاری (توێژەر)، ژمارەی تایبەت بە کۆنفرانسی زمانی دایک، زانکۆی سۆران.

- ڕۆژهەڵات، زاکرۆس، ٢٧٢١کوردی، هەوڵی ئاسمیلەکردنی نەتەوەیی، گۆڤاری تیشک، ژمارە(٥٩-٦٠)، ساڵی بیست و سێهەم.

**گۆڤار بە زمانی عەرەبی:**

- بشارة، عزمي، ٢٠٢٢، تأملات في مسألة الهوية، مجلة (تبين)، العدد(٤١)، المجلد (١١).

- حمود، فريال، ٢٠١١، مستويات تشكيل الهوية الإجتماعية و علاقتها بالمجالات الأساسية المكونة لها لدى عينة من طلبة الصف الأول الثانوي من الجنسين، مجلة (جامعة دمشق)، المجلد (٢٧)، دمشق.

- طاهر، جمال، ٨/مايو/ ١٩٩٩، الهوية الثقافية و العالم الإسلامي، مجلة (قضايا دولية)، العدد(٢٢٧).

- عبدالحميد، أماني، ٢٠٢١، الجامعة و تنمين الهوية الثقافية في سياق التحديات المعاصرة، مجلة (كلية التربية ببنها)، العدد(١٢٧).

- عبد المقصود، هاله عبدالمنعم، ٢٠٢١، الهوية و المقارنة المنهجية في فترتي الحداثة وما بعد الحداثة، بحوث في التربية الفنية و الفنون، المجلد(٢٢)، العدد(١)، كلية التربية الفنية ، جامعة حلوان.

- نصر، محمد علي أحمد، ٢٠٠٨، رؤية مستقبلية لتفعيل دور مناهج التعليم في الحفاظ على الهوية الثقافية في المواجهة العولمة، المؤتمر العلمي العشرون- مناهج التعليم والهوية الثقافية، جامعة عين شمس، الجمعية المصرية للمناهج وطرق التدريس، مجلد (٣)، القاهرة.

**المستخلص**

الهوية هي مجموعة من الصفات والخصائص الروحية والمادية والنفسية التي تمثل شخصية الفرد والجماعة وتتميز عن باقي الأمم. تتضمن الإشارة الى الهوية الفردية فكرة الذات الداخلية التي تساوي بعض الخصائص الاساسية التي تمنحها التكامل والتماسک و توفر الاساس الذى تبني عليه الشخصية و هى بمثابة روح المجتمع. الإنسان بطبيعته كائن اجتماعي تتشكل هويته من خلال تفاعلاته مع الأفراد والجماعات وتعتمد بشكل متزايد على المقومات الاساسية للثقافة منها (اللغة، الدين والعقيدة، العادات والتقاليد، القيم والأخلاق، القانون، الفن، تنمية السلوك ....)

إن الأكراد في جنوب كردستان انضموا إلى المجتمع البشري الأصيل في المنطقة ولم ينتقلوا إليه، فهو مجتمع متماسک لديهم التاريخ العميق و مصير مشترک و هويتم الثقافي الذي يميزهم عن باقي الامم. التكوين الروحي للهوية الثقافية المنضوية ضمن الشعوب الأخرى لا يبقى في حالة استقرار بل يتنوع ويتغير وفقاً للتغيرات التي تطرأ على علاقات الإنسان مع الآخرين من العائلة و الناس والرفاق، ففي تقدم و تطور المجتمع ينجذب الفرد إلى مجموعة من الهويات المختلفة.

هدف اختيار هذا الموضوع هو تسليط الضوء على المقومات الأساسية التي أسهمت في تشكيل و الحفاظ على الهوية الكردية. تتكون هذه الدراسة من مقدمة و ثلاثة مباحث رئيسية: تناول المبحث الاول تعريف الهوية و اهم المقومات الأساسية لهوية الكردية. اما المبحث الثاني فيلقي الضوء على الهوية الثقافية . ويتضمن المبحث الثالث آثار الحداثة على الهوية الكردية في جنوب كردستان، اما الخاتمة فقد لخصت جميع الاستنتاجات التي توصلت الدراسة اليها. اعتمدت هذه الدراسة على المنهج الوصفي لتحليل طبيعة مفهوم الهوية و مقوماتها الأساسية و تحليل التحديات الحداثة على الهوية الكردية في جنوب كردستان.

**الكلمات المفتاحية**( الهوية، المقومات و المكونات، تأثير الحداثة، اقليم كردستان)

sjh@univsul.edu.iq

**Abstract:**

Identity is a set of spiritual, material and psychological qualities and characteristics that represent the personality of the individual and the group and distinguish it from other nations. The reference to individual identity includes the idea of the inner self that equals some basic characteristics that give it integration and coherence and provide the foundation on which the personality is built and is like the spirit of society . Man is by nature a social being whose identity is formed through his interactions with individuals and groups and depends increasingly on the basic components of culture including) language, religion and belief, customs and traditions, values and morals, law, art, behavioral development ....)

The Kurds in Southern Kurdistan have joined the indigenous human community of the region and have not moved to it. It is a cohesive community with a deep history , a common destiny and a cultural identity that distinguishes them from other nations. The spiritual formation of the cultural identity included among other peoples does not remain stable, but rather varies and changes according to the changes that occur in the human relationship with others from family, people and companions. In the progress and development of society, the individual is attracted to a group of different identities.

The aim of choosing this topic is to shed light on the basic components that contributed to the formation and preservation of the Kurdish identity. This study consists of an introduction and three main sections: The first section deals with the definition of identity and the most important basic components of the Kurdish identity. The second section sheds light on the cultural identity. The third section includes the effects of modernity on the Kurdish identity in Southern Kurdistan. The conclusion summarizes all the conclusions reached by the study. This study relied on the descriptive approach to analyze the nature of the concept of identity and its basic components and analyze the challenges of modernity on the Kurdish identity in Southern Kurdistan.

**Keywords**: (identity, components and elements, impact of modernity, Kurdistan Region).